دانیا عەلی:

# ناکرێ هونەرمەندان لە هەموو کارەکانیان پشت بە بەرهەمە کۆنەکان ببەستن



دانیا عەلی لە شاری هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە، هەتا کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە هەر لەوێ ژیانی بەسەر بردووە دواتر قۆناغی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە و دەرچووی بەشی وێنەکێشانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانییە ئێستاش نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە و لە پەیمانگایەکی هۆڵەندی لە بەشی (جوانکاری و رازاندنەوەی گوڵ) خوێندوویەتی، خاتوو دانیا لەلایەن چەند دەزگایەکی راگەیاندنەوە نازناوی گۆرانیبێژی پۆپی کوردی پێبەخشراوە، لە ساڵی (١٩٩٥) یەکەم گۆرانیی خۆی بە ناوی (چاپیدی-چاپیدی) تۆمارکردووە کە ئەم گۆرانییە هی ناوچەی لورستانە و بە زاراوەی خانەقینی ناسراوە، دانیا لە بریندارەکانی چەکی کیمیاویی شاری هەڵەبجەیە و یەکێکە لە سکاڵاکەرانی دۆسیەی فرانس ڤان ئانرات و رۆڵێکی کارای لەو دۆسیەدا گێڕا

***سەرەتا باس لە بەرهەمی نوێت بکەین چیت هەیە؟**

- ماوەیەکە خەریکی تۆمار کردنی سیدیی نوێم و بەشی زۆری کارەکانی تەواو بووە، ئەم بەرهەمە بۆ من تا رادەیەك لەگەڵ کارەکانی پێشووم جیاوازە، چونکە بە شێوازێکی نوێ کارم تێیدا کردووە، ستایلی گۆرانییەکان زۆربەیان رۆژئاواییین، بەڵام بە شێوازێکی زۆر مۆدێرن کارم لەسەر کردوون و لە چەند شوێنێکی جیاواز ئەنجامداون، هەندێکیان لە وڵاتی سوید بووە لە کوردستان و هۆڵەنداش کاری تێدا کراوە واتە تێکەڵە، بەڵام بە گشتی مۆدێرن و جوانە .

*** وەکو سپۆنسەر کۆمپانیایەکی هونەری یان هیچ لایەك هاوکاری کردووی ؟**

- تا ئێستا نەگەیشتوومە ئەو ئەنجامە و لە هەوڵی بەردەوامدام بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کارئاسانیم بۆ بکرێت، چونکە بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە دەبێ خودی هونەرمەند هەوڵ بدات بۆ خۆی و ئەمەش کارێکی قورسە بۆ هونەرمەند، هەروەها کار کردن لە دەرەوەی کوردستانیش ئاسان نییەو پێموایە کار کردن لە کوردستان زۆر ئاسانترە و باشتر بەرێوە دەچێت، چونکە لە دەرەوە ئەگەر هاوکاریی هونەرمەند نەکرێت زۆر زۆر زەحمەتە، بەڵام تا ئێستا من نەگەیشتوومەتە هیچ ئەنجامێك و هیوادارم هەوڵەوکانی خۆم لەو بوارەوە ئەنجامی هەبێت.

*** تۆ یەکێك بوویت لە سکاڵاکەرانی دۆسیەی فرانس ڤان ئانرات و ڕۆڵێکی بەرچاوت لەو دۆسیەیەدا هەبوو، ئایا ئەو دۆسیەیە بە چی گەیشت؟**

- لەبەر ئەوەی لە کاتی کیمیا بارانی هەڵەبجە من لەوێ بووم بۆیە لە دادگای هۆڵەندا شایەد حاڵ بووم لە دۆسیەی فرانس ڤان ئانرات کە تۆمەتبار بوو بە بەشداری کردن لە جینۆساید و فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە رژێمی سەدام لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩، خۆشبەختانە لە کارەکەمان سەرکەوتوو بووین و دادگا فرانس ڤان ئانراتی بە ١٦ ساڵ زیندانی سزا دا ئەمەش گەورەترین سزا بوو و مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەك بوو.

*** وەك هونەرمەندێکی ئافرەت، بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن کۆمپانیاکان یان لە کۆمەڵگادا هیچ کاتێك هەستت بەوە کردووە کە جیاوازیی کرابێت لە نێوان تۆ و هونەرمەندێکی پیاو؟**

- ناڵێم جیاوازیی کراوە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە بە گشتی کارەکان بۆ ئافرەتان قورسترن و جیاوازتر بەرێوە دەچن لەگەڵ پیاوێك، پیاو دەتوانێت هەر کاتێك بیەوێت بڕیاری پێویست بدات، هەرچەندە من هەوڵمداوە بە گوێرەی توانا کاری خۆم بکەم، بەڵام هیچ ئافرەتێك تا ئێستا نەیتوانیوە وەك پیاو دەربڕی هەموو هەستەکانی ناخی خۆی بێت.

*** ئەوەی باست کرد لە کۆمەڵگا بوو، ئەی لە راگەیاندن و کۆمپانیاکانیش هەست بەو جیاوازییە دەکرێت لەنێوان پیاو و ئافرەتی هونەرمەند بۆ نموونە لە دۆزینەوەی سپۆنسەر یان نمایش نەکردنی گۆرانی لە کەناڵەکان؟**

- من ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان دوورکەوتوومەتەوە و ئاگادار نیم لەم رووەوە، بەڵام ئەو کاتەی لە کوردستان بووم و کارم دەکرد زیاتر ئافرەت هان دەدرا و پشتگیری زۆریشی لێ دەکرا بۆ ئەوەی بێتە نێو بواری هونەرەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو کاتە ئەو جۆرە جیاوازییە نەبووە، چونکە هەستی پێ نەدەکرا.

*** تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە لە دوای راپەرینەوە لە کوردستان ئافرەت زیاتر هان دەدرا بۆ ئەوەی بێتە نێو بواری هونەرییەوە، ئێستا ئافرەتی هونەرمەند زۆرن، بەڵام شێوە و جۆری هاتنی بۆ ناو بواری هونەری رەخنەی لێدەگیرێ بۆ ئەمە چی دەڵێی؟**

- رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کاتەی من لێرە بووم ئافرەت زیاتر هان دەدرا و دواتر هەوڵدرا بە یەك جار هەنگاوی زۆر بهاوێژرێ، بەلای من ئاساییە ئەگەر کار هەبوو باش و خراپ دەبێت و ئەو جۆرە کار و رەخنانە هەمیشە لە هونەردا بوونیان هەیە و گۆرانیبێژ دەبێت توانای خۆی بزانی و تا ڕادەیەك شارەزایی هەبێت لە بوارەکەی خۆی بۆ ئەوەی ڕێچکەیەك بگرێت و سەرکەوتوو بێت، بەڵام پێویستە ئێمەی هونەرمەندان رێز لە کارەکانی خۆمان بگرین و بەباشی ئەنجامی بدەین و ئامانجمان خزمەت کردن بە هونەر بێت نەك ئامانجێکی دیکە.

*** کەواتە ئەو رەخنانەی لە ئافرەت دەگیرێن بە لای تۆوە ئاسایین؟**

- نەخێر، بەڵام خۆشبەختانە رەخنە هەیە دەبێتە هۆی پێشخستنی کاری هونەری و هونەرمەند سوودی زۆری لێ دەبینێت، لە هەمان کاتدا بەداخەوە زۆر رەخنە هەیە رووخێنەرە و دەبێتە هۆی سارد کردنەوەی هونەرمەند.

*** وەك ئافرەتێك لە هاتنە پێشەوەی هەندێك ئافرەتی هونەرمەند رازیت کە ئێستا رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە؟**

- ناتوانم بە تەواوی وەڵام بدەمەوە، چونکە پرسیارەکە تۆزێك قورسە، من ناتوانم بەو شێوەیە قسە بکەم و هەر هونەرمەندێك مافی هەیە تەنیا لەسەر خۆی قسە بکات و ئایا ئەو کەسە تا چەند دڵسۆزە بۆ کارەکەی خۆی، چونکە کە هونەرمەند دڵسۆز بێت بۆ هونەر و میللەتەکەی و کارو خەسڵەتی جوانی هەبێت، پێموا نییە رووبەڕووی ئەو جۆرە رەخنانە ببێتەوە کە رووخێنەرن.

*** چی پێویستە کە ئافرەتە هونەرمەندەکان پێوەی پابەند بن بۆ ئەوەی لەم جۆرە رەخنانە دوور بن؟**

- پێش هەموو شتێك هونەرمەند بە گشتی و ئافرەتی هونەرمەند بەتایبەتی پێویستە حیساب بۆ ئەو کۆمەڵگایە بکات کە تێیدا دەژییت و تا چەند رێز و خۆشەویستی بۆ ئەو کۆمەڵگایە هەیە، هەروەها دڵسۆز بێت بۆ کارەکەی وتا چەند مەبەستیەتی پەیامە هونەریەکەی بگەیەنێت و وەك تەرازوویەك رایبگرێت، بمانەوێ و نەمانەوێ کۆمەڵگای کوردی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە وپێویستە بپارێزرێ.

*** زۆر جار دەبینین هونەرمەندان گۆرانییە کۆنەکان نوێ دەکەنەوە، تۆ پشتگیری لەم کارە دەکەی یان هەست دەکەی هونەرمەندان نایانەوێ خۆیان ماندوو بکەن؟**

- پێویست ناکات هەموو جارێك هونەرمەند بەرهەمە کۆنەکان نوێ بکاتەوە، بەڵام وەك تەجروبە دەکرێ ئەگەر کارێکی زۆر جوان هەبێت ئاساییە بیڵێت، بە مەرجێك بتوانێت بە باشترین شێوە پێشکەشی بکات و کرچ وکاڵی پێوە دیار نەبێت، کارە فۆلکلۆری و کۆنەکان زۆر جوانن، بەڵام لەرووی تەکنیکەوە هەندێك کەموکوڕیان پێوە دیارە، بۆیە دەکرێ پێشکەش بکرێتەوە، بەڵام نەك لە هەموو کارەکان پشت بە نوێکردنەوەی ئەم بەرهەمانە ببەسترێت و تەنیا کاری تازە کردنەوە گۆرانییە کۆنەکان بێت، من خۆم ئەم کارەم کردووە کە گۆرانییەکی مامۆستا مەزهەری خالقی بوو و پێموابێت زۆر تێیدا سەرکەوتوو بووم.


**هونەرمەند بە گشتی و ئافرەتی هونەرمەند بەتایبەتی پێویستە حیساب بۆ ئەو کۆمەڵگایە بکات کە تێیدا دەژییت و تا چەند رێز و خۆشەویستی بۆ ئەو کۆمەڵگایە هەیە**





## دۆگڵاس قۆناغێکی دیکەی ژیانی دەست پێکرد

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی مایکڵ دۆگڵاس رایگەیاند کە دوای سەرکەوتنی بەسەر نەخۆشیی شێرپەنجە قۆناغێکی نوێی تەمەنی دەستی پێکرد، چونکە ئێستا چاك بووەتەوە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ زوو نەخۆشییەکەی دۆزییەوە و هەر ئەو نەخۆشییەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ببێت بە باشترین ئەکتەر. دۆگڵاس ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو بە ناچاری رووی لە بواری نواندن کردووە و وتی: ئەگەر بە ویستی خۆم بوایە رەنگە کارێکی دیکەم هەڵدەبژارد نەك ببمە ئەکتەر و کاری نواندن بکەم. دۆگڵاسی تەمەن ٦٩ ساڵ زیاتر دەڵێ: پێشـــان ناچار بووم ســـێ مانگ جارێك پشکنینێکی خۆم بکەم، بەڵام ئێستا شەش مانگ جارێك دەچمە لای پزیشك و پزیشك دڵنیای کردمەوە کە ئەو جۆرە شـــێرپەنجەی من تووشـــی بووم بە رێژەی ٩٥٪ ناگەڕێتەوە، یەکەم جار پێیان گوتم تووشی شێرپەنجەی قورگ بووم، بەڵام ئەمە راســـت نەبوو بەڵکو تووشـــی شێرپەنجەی زمان بووم ئەمەش مەترسی زیاتر بوو و بۆیەش ئەو قسەیەم کرد، چونکە بە نیازی ئەنجامدانی گەشتێکی هونەری بووم.



## جیزام سوپرایزێکی سەیری هەبوو

بە دەستهێنانی نازناوی شاجوانی تورکیا لەلایەن خانمە ئەستێرە جیزام کراجا کە بە (فتون) ناسراوە رێگر نەبوو لەوەی گاڵتە لەگەڵ هەوادارانی بکات بەشێوەی سەیر. جیزام وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك جوانی خۆی دەرنەخستبوو، بەڵکو چاویلکەیەکی گەورەی لە چاو کردبوو و شـــێوازێکی سەیری رووخساری خۆی دەرخســـتبوو کە پێشتر بەو شێوەیە نەبینرابوو، ئەم هەنگاوەی جیزام لەلایەن هەندێك لە هەوادار و جەماوەرەکەی بە جۆرێك لە جورئەت ناوبرا، چونکە ئەو ئەکتەرێکی بەناوبانگە بە جوانی، هەروەها چەند کەسێکی دیکەی پسپۆر لەو بوارە ستایشـــی ئەو کارەیان کرد کە دەیەوێ بە گاڵتە جەماوەری خۆی بەســـەر بکاتەوە بێ ئەوەی مکیاژ بکات تاکو بەشێوەیەکی سروشتی بیبینن زۆر بە ســـادەیی و دوور لە جوانکاری و مکیاژ کە زۆر جار دەبنە هۆی گۆڕینی شـــێوە و رووخساری هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتان. جیزام بەر لەوەی روو لە نواندن بکات وەك مۆدێل بەشـــداری لە چەند نمایشـــێکی جلوبەرگدا کرد دواتر بەشداری کرد لە زنجیرە (حريم السلطان)، لە ســـاڵی ٢٠١١ توانیی نازناوی شاجوانی تورکیا بەدەست بهێنێت، پاشـــان بەشداری لە زنجیرەی «البرق الذى ضرب المنزل»دا کرد و بەردەوام بوو لە کاری نواندن و تا ئێستا لە چەند زنجیرەیەك رۆڵی پاڵەوانی بینیوە و یەکێکە لەو هونەرمەندە تورکیانەی کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە.



## سیلین لوتی خۆی پێ جوان نییە

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی کەنەدی سیلین دیۆن رایگەیاند کە زۆر لەشێوە و رووخساری دەرەوی خۆی رازی نییە و حەز دەکات جوانتر بوایە، سەرەڕای ئەوەی خاوەن ناوبانگ و جەماوەرێکی زۆرە لەسەرتاسەری جیهان.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (فرانکفۆرتر)ی ئەڵمانی سیلین دیۆنی تەمەن ٤٥ ساڵ وتی: زۆر جار بیر لە شاردنەوەی ئەم چرچ و لۆچانە دەکەمەوە کە لە دەموچاوم هەیە، هەروەها زۆریش حەز دەکەم ئەگەر لوتم بچووکتر بوایە، بەشـــێوەیەکی گشـــتی حەزم دەکرد شێوە و رووخسارم وەك ئێستا نەبووایە، دیۆنی خاوەنی گۆرانیی فیلمی تایتانیك ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەرلە ماوەیەك زۆر بیری لە بەکارهێنانـــی دەرزی پۆتۆکـــس دەکردەوە، بەڵام وەك هونەرمەندێك بۆ من ئەمە ناگونجێت، چونکە پۆتۆکس دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی ماســـوولکەکان و ئەگەر دەرزییەکە کەمێك قوڵتر لێ بدرێت رەنگە کاریگەرییەکی زۆر ســـلبی بکاتە ســـەر قوڕگم و دەنگم وەکو خۆی نەمێنێت بۆیە بە هەموو شێوەیەك خۆم لە دەرزی و نەشتەرگەریی جوانکاری بە دوور گرت.





# هەیفاش دەبێتە باڵیۆز

وەزارەتی گواستنەوەی لوبنانی رایگەیاند کە هەیفا وەهبیی وەك باڵیۆزی گەیاندن بۆ کێشە مرۆییەکان دەست نیشان کردووە دوای ئەوەی ئەنجوومەنی یەکێتیی نێودەوڵەتیی گەیاندن بڕیاری (تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان و گەیاندن و سەلامەتی لەسەر رێگاکان) پەسند کرد.
بەم شێوەیەش بابەتەکە دەبێتە (رۆژی جیهانیی گەیاندن و کۆمەڵگای زانیارییەکانی بۆساڵی ٢٠١٣ و بڕیار وایە نیقولا سەحناوی وەزیری گەیاندنی لوبنانی بە رەسمی دانانی هەیفا بەشێوەیەکی رەسمی رابگەیەنێت.
بە پشت بەستن بە جەماوەرەکەی هەیفا دەچیتە ریزی ئەو هونەرمەندە لوبنانیانەی کە هەریەکیان بە ناو وشێوەی جیاجیا بوونەتە باڵیۆزی رێکخراوە عەرەبی و جیهانییەکان، ئەگەرچی تا ئێستا وەکو پێویست کاری خێرخوازیی ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەو نازناوەی بە هەیفا بەخشراوە زۆر پەیوەندی بە کاری خێرخوازییەوە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە ئاگادار کردنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵك هەیە.

### ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

# لە بەزمەکانی رۆژانی زانکۆ

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

تەمەنیش هەر چۆن ساڵ، وەرزی خۆی هەیە، هەر وەرزەو پەیوەستی رۆژانێکە، ئەوە رزمی منداڵی و، پاشان لاوێتی. هەتا تەمەن بەرەو پیریی هەڵکێشێ ئەوە رزمەکەشی خاو دەبێتەوە، ئەمە یاسا و رێسای ژیـــان و تەمەنە، ئەگەر هـــەر وەرزەو هەقی خۆی نەدەیتێ، ئەوە بێگومـــان کەمتەرخەمیت نواندووە، رۆژانێك هەیـــە، پڕە لە جموجـــۆڵ و چەتوونی و جەربەزەیی و سەرکەشی..

بەش بە حاڵی خـــۆم ئەگەر لە رۆژانی منداڵ و مێـــر منداڵیمدا، هەلوکێـــن و یەکە گۆتەکە و قەڵا قەڵا و میزاجێن و شـــەڕە ســـەگ و شەرە کەڵەشێر و شـــەڕە گەڕەکم نەکردبێ، ئەوە حاشا کوری ئەو کوچەو کۆڵانەی منداڵی نەبووم، کاتێ کە دەگوترێ گەنجێتـــی، ئەوە لێوان لێوی حەز و خۆزگە و تافە تافی هەڵچوونی ســـەرجەم ئارەزووەکانەو، لە سای رەشماڵی هەواری خەون و خەیاڵا بەسەر دەبرێ.

ســـەردەمانێك بە بەزم و رەزم و جرت و فرت و بێ رابواردن و سەلاری، جاران دەیانگوت : ( گەنجێتی داستانی خۆی هەیە).

کاتـــێ لە زانکـــۆ دەمخوێند، زۆر لـــەو بەزمانە دەماغـــی بەرنەدابـــووم رۆژانە لە تەك هاوەڵەکانـــدا لەو کارە ســـەیر و سەمەرانمان دەکرد، لە بیرمە لەگـــەڵ کاکە(حیکمەت هیندی) هەرە ئازیزمدا، پـــاش نـــان خواردنـــی نیوەڕۆمان، لە یەکێك لە



چێشتخانەکانی (حەیدەرخانە)، ئەچووین بۆ مەزاتخانە واتە بازاڕی (دەڵالخانە)، لەوێ چایخانەیەکی مام ناوەنجی هەبوو، کانگای مقاماتی عیراقی بوو، دیوارەکانی هیندەی تەنها پوولێکی سوتەی بە بەتاڵی نەمابووەوە، لەبەر وێنەی فۆتۆگرافی لە شووشەو چوارچێوەی گیراوی مقامبێژانی عێراقی، لەسەر رەفەیەکی توندوتۆڵ، دوو ریکوردی گرۆندێکی تیکە حەڤدەی دانابوو، تەختەبەندێکی، خانەی درێژ کۆڵەش کە دەیان شریتی بەکرەی تیادا ریز کردبوو، کابرای چایچی هەر کە سۆزی مقام لە کەللەی دەدا، خێرا (سدارە) رەشەکەی بەلاری لەسەر دادەناو، بەتایبەت ئەگەر دەنگی (رەشید قۆندەرچی) بوایە، لە تەك سۆزەی (ئەمان ئەمان) دا، چرە دوکەڵی حەسرەت لە ناخیەوە دەردەهات، من و کاکە (حیکمەت) یش هێندەی دیکە وەك (مووشەدەمە) فورمان دەدا، ئیدی لە تەنیشتمانەوە دادەنیشت و بەسدارەکەی ئارەقەی چروچاوی دەسرییەوە و ئەوسا باوەشێنی خۆی پێ دەکردو، بە شاگردەکەی دەگوت، چایەکی سەنگینی بۆ تێکات، ئێمەش دەکەوتینە ستایش و سەنای (قۆندەرچی)، دڵی پڕ دەبوو، دەیگوت:

خۆزگە کاتی خۆی گوێتان لە دەنگی بوایە، دەڵێی چی حەسوودان و ناحەزان لە داخا، کلیسان دەرخواردا، ئیدی دەنگی نووساو بەو دەردەیان برد.

کاکە (حیکمەت) سدارەکەی لێ وەرگرت و بە نۆرە لە سەرمان کرد، بەڵام بۆخوا دەڵێم، کاکە حیکمەت شووشەبەندو چوارچێوەی نە دەویست هەر کوت و مست دەتگوت یەکێکە لەو مقامبێژانە، بەتایبەت کە دوو قۆڵی بەستەکانمان دەگوتەوە.

ئەوا رۆژێکیش هەر لەسەر ئەو هەواو بەزمە، لەگەڵ کاکە (ئەکرەم ئەحمەد)ی خوالێخۆشبوو، یەك دوو برادەر کە پێکەوە بووین، گوتمان، بۆ نەچین بۆ چایخانەی (ئەلزەهاوی)، کە لێمانەوە نزیك بوو، پڕ بوو لە پیاوانی بەساڵاچووی سدارە بەسەر عەبابەشان و فیتك و هۆڕی نێرگەلە کێشانیان بوو، لەسەر قەنەفەیەك دانیشتین و داوای چامان کرد و منیش وتم: لەگەڵ چایە عەنابییەکەدا، نێرگەلەیەکم بۆ بێنە.

برادەرەکانم بەسەر سوڕمانەوە سەیریان کردم، وتیان: تۆ جگەرەیش ناکێشی چیت لەو فلق و هووڕە داوە؟!

دیارە دەتەوێ (بنعاتە کە رەزیلکەی ؟).

لەوەراما وتم: بابە خۆ نێرگەلەکێشان تەیارە لێخوڕین نییە و حەزم لێیەتی، تومەس نێرگەلەکێشانیش دەستور و داب و نەریتی خۆی هەیە، بە هەرحاڵ ناشیانە تێکەوتم و هەرچی فورم پیادا دەکرد، گوپەکانم دە ئاوسان و هەر دەتگوت زوڕنا لێدەدەم، ئەوجا کەوتمە هەڵمژینی و کەوتمە ژەنینی غەڵبە غەڵب و هەمە جۆر دەنگم پێ لێدەدا، برادەرانیش لە تاواندا ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارێ.

یەکێ لەو ئەفەندییە سدارە بەسەرانە، زۆر بە وردی سەرنجی دەدام، کاك ئەکرم ئانیشکێکی لە قەپڕغەم چەقان، کە گوایە سەیرم دەکەن، منیش وتم زۆر ئاساییە، بلێ هێشتا دەستی (رەقاس) نەبووە.

چاوم بڕییە کابراکە و لە مژلێدان کەوتم و هاوەڵەکانیشم ورتەیان لێبرا، کابراکەم سەیری کردم و پرسی: ئەرێ کاکە پرسیارێکت لێ دەکەم؟

- فەرموو گەورەم.
- تۆ کوڕی مەلا عەبدلواحید ئەفەندی نیت ؟
- لە کوێم هەڵدەگری و لە کوێم دادەنێی) بەڵام قوربان، چۆنت زانی ؟
- رێك چاوەکانت بە چاوەکانی ئەو دەچێ.
- دیارە باوکم برادەرت بووە ؟
- ساڵەهایەك، بەڵام پتر لە بیست ساڵە بە خزمەتی نەگەیشتووم، ئەو عەیامە لە هەڵەبجە مامۆستا بووم، ئیدی خۆم گواستەوە بۆ بەغدا، ئەوە عومرێکە لێرەم.
- ئەگەر بفەرموون، ناوی شەریفتان؟
- مستەفا
- سوپاس مام مستەفا، هەر کە چوومەوە خزمەت باوکم، بۆی دەگێڕمەوە، بەڵام.
- باسی نێرگەلەکێشانەکەشت؟ نا، نا، ئەوە کە ئێمەش لە تەمەنی ئێوەدابووین، هەزار بەزمی لەوە سەیرترمان دەکرد، ئیدی ببڕای ببڕای نەك هەر توخنی ئەو چایخانەیە نەکەوتم، بگرە ئەو راستە رێبیەشم لەخۆم حەرامکرد، بەڵام هەر لە دڵمابوو، کاتێ بۆ پشووی هاوین گەڕاینەوە بۆ شار، سەربوور دەکەم، بەبێ کەم و زیاد بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش بە پێکەنینە پڕ جۆشەکەی کە هەندێ جار لێی دەکرد بە کۆکە پێم پێ کەنی و فەرمووی: ئا کە ئەوە پیاوێکی سەر راست و مامۆستایەکی نموونەیی بوو، خوا یاربێ کە گەڕایتەوە، نامەیەکی بۆ دەنووسم بیدەرێ بەراستی پەرۆشی دیداریم.